# دەست بەکاربونی بەشی میوزیك لە کوردستان نێت

بەختیار شێخ مستەفا

لەمێژە ئەوخولیایەم هەبوو کە بەشێکی تایبەت بکەمەوە لە سایتێکی کوردیدا کە تایبەت بێت بە میوزیك، دیارە ئێستا سایتە کوردیەکان مینبەرێکی سیاسی گەورەن، هەربۆ نمونە کوردستان نێت بەدەیان نوسەر بەردەوام بابەتی تێدا بلاّودەکەنەوە ئەمە جگە لەو کەسانەی نوسەر نین بەلاّم ناوبەناو گوزارشت لە بیروڕای خۆیان دەکەن و ئەم سایتە بوەتە مینبەرێکی فراوانی ڕاگۆڕینەوەیسیاسی و فیکری و مەعریفی، من هێندەی ئاگادارم چ لەم سایتە و چ لەسایتەکوردیەکانی تردا کەمترین قسە لەسەر بابەتە هونەریەکان دەکرێت بەتایبەتی لەبواری میوزیکدا، بۆیە وەك پێویستیەك هەستم کرد گەر بتوانین بەشێوەیەك لە شێوەکان بتوانین دەروازەیك بکەینەوە بەڕوی هونەری گۆرانی ومیوزیکدا بەمەبەستی گفتوگۆکردن و ڕاگۆڕینەوە لەسەر بابەتە هونەریەکانی تایبەت بە میوزیك لە لایەك و لە لایەکی تر بتوانین کە زۆرێك لەهونەرمەندە موزیکزانەکانمان بناسین و گفتوگۆ لەسەر بابەتە هونەریەکانیان بکەین، کاتێکیش پێشنیاری دروستکردنی ئەو بەشەم کرد لە کوردستان نێت دا بەسوپاسەوە (کاك عومەر فارس) بەرپرسی کوردستان نێت، ڕەزامەندی هاوکاری دەربڕی و ئەو دەرفەتەی بۆم دروستکرد و منیش پەیوەندیم بەکۆمەلّێك لە هونەرمەندانی ناو کوردستان کرد و بڕیاری هاوکاریان دام بەلاّم دیارە کارەکە بەمە تەواو نابێت بەلّکە بۆ ئەوەی پرۆژەکە بە تەواوی سەربگرێت و کارێکی جوانی لێ دەربچێت پێویستمان بەهاوکاری هەمو لایەکە لە ڕوی بابەت و سەرنج و تێبینیەکانیانەوە بەتایبەتی هونەرمەندان و هونەردۆستان، بۆیە ئەم دەرفەتە دەکەمە بوارێك تا بانگەوازێکی هەمو نوسەران و هونەرمەندان و هونەردۆستانی تیادا بکەم کە بە بابەتە هونەریە جوانەکانیان ئەم بەشە دەولّەمەند بکەن، کەبەوهیوایەم ببێتە پردێکی پتەوی نێوان هونەرمەندانی ناوخۆی کوردستان و دەرەوەی.

بۆیە خوازیارم لەهەمولایەك کە بێبەشمان نەکەن لەڕاو پێشنیارو سەرنجەکانیان، تەنها ئەو تکایەم هەیە با هەمو بابەتەکان هونەری بێت چونکە ئەم بەشە تەنها بۆ هونەرو قسەکردنە لەسەر هونەر، بۆیە داوا لەهەموان دەکەم کە ئەو بابەتانەمان بۆ نەنێرن کە هونەری نین، دیارە ئەو بابەتانەش کە ئامانجی تەنها تەشەر دانە لەکەسایەتیەکان _ وەك ڕێبازی کوردستان نێت _ جێوپێیەکی نیە لێرە، جگەلەوە هەموان دەتوانین ڕەخنەی هونەری لەهەمو کەس و بابەتێك بگرین.

بەو هیوایەی کەهەمومان لەئاستی بەرپرسیارێتیدا بین.

تکایە بەم ئیمایلە پەیوەندیمان لەگەلّ بکەن:

muzic@kurdistannet.us

سلێمانی 3/8/2003